TRANSPORT STYRELSEN



# مۆڵتنامەی لێخوڕینی بیانی
هەندێك جار مۆڵەتنامەی بیانی لە سوید پردەکات. چۆنی پرکردنی مۆڵەتنامەکە لێرەدا دەخوێنیتەوە کە پابەندە بەوەی لەکام وڵات مۆڵەتنامەکە دەرچووە.

# مۆڵەتنامەی وڵاتانی ESS و پڕکردنی لە سوید
مۆڵەتنامەیەك کە لە وڵاتێکی ئەنجومەنی هاوکاری ئابووری ئەوروپا، ESS دەرچووبێت، بە هەندێک مەرج لە سوید پردەکات.
وڵاتانی ESS ئەمانەن: بەجیکا، بولگاریا، قوبرس، دانمارك، ئێستۆنیا، فینلاندا، فەرەنسا، یۆنان، ئیرلاندا، ئیسلاند، ئیتاڵیا، لیتاون، لیشتنشتاین، لوکسمبۆرگ، ماڵتا، هۆڵەندا، نەرویژ، پۆڵۆنیا، پورتوگال، ڕۆمانیا، سلۆڤاکیان، سلۆڤانیەن، ئیسپانیا، بەریتانایا، چیك، ئەڵمانیا، هەنگاریا و نەمسا.

بۆ ئەوەی مۆڵەتنامەیەکی دەرچوو لە وڵاتێکی ESS لە سوید پربکات مەرجە کە:

- مۆڵەتنامەکە لەو وڵاتەی لێی دەرچووە پربکات
- مۆڵەتنامەکە بە مۆڵەتنامەیەکی سویدی نەگۆڕدرابێتەوە
- خاوەنی مۆڵەتنامەکە نابێت مۆڵەتێکی سویدی هەبێت کە دەستی بەسەردا گیرابێت یاخود سەندرابێتەوە

ئەگەر مۆڵەتنامەی یەکێك لە وڵاتانی ESS هەبێت کە ئەو مەرجانە پربکاتەوە ئەوا لە سوێدیش پردەکات ئەگەرچی لێرە ناونووسکرابیت و هەرچەندێکیش لێرە بوو بیت. هەروەها وەك فیرکار پەسەند دەبێت لە کاتی فێربوونی لێخورینی پریڤاتدا، ئەگەر ئەو مەرجەت بە جێ هێنابێت.

# گۆرینی مۆڵەتنامەی وڵاتانی ESS
بۆت هەیە مۆڵەتنامەی وڵاتی ESS بە مۆڵەتنامەیەکی سویدی بگۆڕیتەوە، ئەگەر مۆڵەتنامەکە لە سوید پربکات و لە سوید بە هەمیشەیی نیشتەجێبێت. ئەو فۆرمە بەکار بهێنە کە ناوی " داخوازی گۆرینی مۆڵەتی بیانی"، Ansökan om utbyte av utländskt körkort کە لە ڕووپەڕی فۆرم blanketter داوای دەکەیت. ڕووپەڕەکە وەنەگێردراوە.
بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری ئەلەکترۆنی، بەدەستهێنانی فۆرم Beställ blankett بەکاربێت، دەبێت ئەنجوومەنی هاتوچۆ Transportstyrelsen زانیاریی دەربارەی ژمارەی کەسیی یاخود ژمارەی هاوکاریکردن و ئەدرەس لە لای تۆمارگەی ڕێگەوبان Vägtrafikregistret هەبێت.

هەروەها دەتوانیت بە پرسگەی بەشی کاروباری مۆڵەتنامە لە ئەنجوومەنی هاتوچۆ پەیوەندی بکەیت، تەلەفۆن 0771-818181 .

# مۆڵەتنامەی وڵاتانی تر - پڕکردنی لە سوید

بۆ ئەوەی مۆڵەتنامەی وڵاتانی تر لە سوید پر بکات مەرجە کە:

- مۆڵەتنامەکە لەو وڵاتەی لێی دەرچووە پر بکات
- خاوەنەکەی لە سوید لە ساڵێك زیاتر ناونووس نەبووبێت
- مۆڵەتنامەکە بە مۆڵەتنامەیەکی سویدی نەگۆڕدرابێتەوە
- خاوەنی مۆڵەتنامەکە نابێت مۆڵەتێکی سویدی هەبێت کە دەستی بەسەردا گیرابێت یاخود سەندراپێتەوە

ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی هەیە سەبارەت بە چۆنێتی شێوازی مۆڵەتنامە (ڕێکەتننامەی 1949 و 1968 سەبارەت بە ترافیکی ڕێگە). ئەو مۆڵەتنامەی کە شێوازی بە پێی ڕێساکان نەبێت و بە زوبانی ئینگلیزی، ئەڵمانی، یاخود فەرەنسی تەنها لەتەك وەرگێرانێکی واژوودراو بۆ زمانی ئینگلیزی، ئەڵمانی،

فەرەنسی، سویدی، دانمارکی یاخود نەرویژی پردەکات. ئەگەر مۆڵەتنامەکە بێ وێنە بێت ئەوکات لەتەك پێناسنامەیەکی بە وێنەوە پردەکات.

## گۆڕینی مۆڵەتنامەی وڵاتانی دەرەوەی وڵاتانی EES

ناکرێت مۆلەتنامەی وڵاتانی دەرەوەی وڵاتانی EES بە مۆڵەتنامەی سویدی بگۆڕدرێتەوە

ئەگەر مۆڵەتنامەیەکی وڵاتانی سویسرا یاخود ژاپۆنت هەبێت ئەوا بە مۆڵەتنامەیەکی هەمان شێوەی سویدی دەگۆڕدرێتەوە. مەرجی پرکردنی لە سوید، دەبێت مەرجەکانی کەسیی و تەندروستیت تێدا هەبێت بۆ ئەوەی مۆڵەتنامەیەکی سویدی وەربگریت و بە هەمیشەیی لە سوید جێگیربیت. ڕەچاوی ئەوە بکە ئەگەر دەتەوێت مۆڵەتنامە بگۆڕیتەوە بە مۆڵەتنامەی سویدی، ئەگەر مۆڵەتنامەکەت لە سویسرا یاخود ژابۆن وەرگرتبێت دەبێت لەماوەی ساڵێکدا بیگۆڕیتەوە و لەو ڕۆژەوەی لە سوید ناونووس کراویت.

بۆ داخوازی گۆڕینی مۆڵەتنامەی کە لە وڵاتانی سویسرا یاخود ژاپۆن دەرچووبێت دەبێت هەروەها راپۆرتی نەخۆشی و پشتگیرینامەی تاقیکردنەوەی بینایی یاخود پزیشکنامەیەك لەتەك داخوازێکەدا، ئەگەر بۆ مۆڵەتی C,CE,D یاخود DE بنێریت. فۆرمی پشتگیرینامە دەکرێت لە خزمەتگوزاری ئەلەکترۆنی، فۆرم خواستن Beställ blankett بەدەست بێنیت. خزمەتگوزاری ئەلەکترۆنی وەنەگێردراوە

## بۆ هەموو جۆرەکانی مۆڵەتنامەی بیانی

داخوازینامەکە دەنێردرێت بۆ Transportstyrelsen, 701 97 Örebro.
بۆ هەڵسانگاندنی داخوازێکەت مزەیەك وەردگیرێت، مزەکەش بە کارتی پارەدان دەدرێت کە لە ئەنجوومەنی هاتوچۆ وەریدەگریت.

دەبێت خۆت بیسەلمێنیت ماوەی چەندە مۆڵەتت هەیە. لە سوید بۆت نیە ئوتومبێل لێخوریت ئەگەر 18 ساڵت پڕ نەکردبێتەوە، ئەمە سەرەرای ئەوەی ئەگەر لە وڵاتی دەرکردنی مۆڵەتەکە ڕێگەت پێدرابێت. بڕیارگەلێك دەربارەی دەستبەسەرداگرتن لە لایەن پۆلیسەوە یاخود لێستاندنەوە لەلایەن ئەنجومەنی هاتوچۆ بەسەر مۆڵەتی بیانێکلێشدا دەخوات. هەروەها لە بوارەکانی تریشدا بەشە گرنگەکانی یاسای مۆڵەت و ڕیسای مۆڵەت بۆ مۆڵەتی بیانێش پردەکات.

## ڕیگەپێدان

بە پێی ڕێسای مۆڵەت، ئەنجوومەنی هاتوچۆ لە هەندێك دۆخی تایبەتدا دەتوانێت بە شیوەیەکی ڕیزپەڕ بڕیار بدات ئەگەر بە پێچەوانەی ئارامی هاتوچۆوە نەبێت.